ئەو سکاڵایەی لەلایەن پێنج پەرلەمانتاری عیراقەوە دژی بەپارێزگابوونی هەڵەبجە تۆمارکرابوو ڕەتکرایەوە

دادگای فیدراڵی ئەو سکاڵایەی رەتکردەوە، کەلەلایەن پێنج پەرلەمانتاری عیراقەوە دژی بەپارێزگابوونی هەڵەبجە تۆمارکرابوو.

چرۆ حەمەشەریف ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەفراکسیۆنی یەکێتی لەلێدوانێکی بەمیدیای حیزبەکەی کە موتەڵەع بەدواداچوونی بۆ کردووە رایگەیاند:"پاش بەدواداچوونمان لە دادگای فیدراڵی عیراق ئەو سکاڵایەی لەلایەن پێنج پەرلەمانتاری عیراقەوە کرابوو لەسەر راگرتنی رێکارەکانی بەپارێزگابوونی هەڵەبجە رەتکرایەوە، بەڵام ئەو سکاڵایەی تایبەتە بە ە بەپارێزگای هەڵەبجە هێشتا سەیر نەکراوە".

وتیشی"ئێمە وەک هەمیشە لەپەیوەندی بەردەوامداین و هەوڵەکانمان بو خزمەتی هەڵەبجەو بۆ کێشە تێپەڕاندنی یاساکە بەردەوامەو پێشتریش ڕامانگەیاندووە هەڵەبجە پارێزگایە".